دیداریکی تایبەتی بەریز ئەمینداری گشتی لەگەڵ پەیامنێری سایتی یەكگرتوو

# دیداری بەریز ئەمینداری گشتی لەگەڵ پەیامنێری سایتی یەكگرتوودا لە بەرواری 2006/10/22 پاش گەرانەوەی بەریزیان لە سەفەری وڵاتی سعودیە و بەمەبەستی بەشدار بونی لە كۆنگرەی مەككەی 2006/10/20. .

* لە وەڵامی پرسیاری پەیامنێری سایتی یەكگرتوودا سەبارەت بە پێكهاتە و چۆنیەتی بەرێوە چوونی كۆنگرەی مەككە بەریزیان وتی:
كۆنگرەكە تایبەت بوو بە شەر و خوێنرێژی عێراقەوە و لەسەر بانگێشتی رێكخراوی كۆنگرەی ئیسلامی جیهانی بوو بۆ سەرگرتنی كۆنگرەكە و دروست كردنی كەش و هەوایەكی رۆحانی و ئیمانی كاتێكی پیرۆز و شوێنێكی پیرۆزیان هەڵبژاردبوو كە شەوی 29 ی رەمەزان و پاش نوێژی تەراویح و دۆعای خەتمی قورئان و لە پەنای كەعبەی پیرۆزدا بوو. .
كۆنگرەكە زۆر بە خاكیەتی و ئارامی یەوە لە كۆشكی میوانداری مەلیك لە تەنیشت كەعبەی پیرۆزدا بەرێوە چوو وە زۆربەی دەزگاكانی راگەیاندنی عێراقی و عەرەبی دەیگواستەوە بە قورئانی پیرۆز دەستی پێكرد. . ئینجا سەرۆكی رێكخراوی كۆنگرەی ئیسلامی جیهانی پرۆفیسۆر اكمل الدین احسان اوغلو پەیماننامەكەی خوێندەوە و پاش دەربرینی رەزامەندی لەلایەن كەسایتیە بەشدارەكانەوە دوو دوو بانگ كران بۆ ئیمزا كردنی. . هەروەها سەرۆكی رێكخراوەكە و دووكەسایەتی تر وەكو شایەت ئیمزایان كرد، پاشان كۆنگرەیەكی رۆژنامەنوسی گرت بە یاوەری كەسایتیەكی سونی و یەكێكی شیعە بۆ رونكردنەوە و وەڵامدانەوەی پرسیاری رۆژنامەنوسان. .
* هەروەها لەوەڵامی پرسیارێكی تردا ئایا بەریزیان ئەو بریار و برگانەی لە پەیماننامەكەدا هاتووە چۆن هەڵدەسەنگێنن وتیان:
رەشنوسی پەیماننامەكە پێشتر لەلایەن مەراجیع و كەسایەتیە پەیوەندیدارەكانەوە بینرا بوو وە پێكەوە لە لیژنەیەكی ئامادەكاریدا ئامادەكرابوو بۆیە هەمووشتەكان جێگای پەسەندی هەموو بەشدار بوان بوو، جگە لەوەی كە ئەمە یەكەم جارە بەم شێوەیە كەسانی كاریگەر لە شیعە و لە سونەی عێراق پێكەوە و بە ئامادەبونی كەسایەتی جیهانی ئیسلامی تر و لەبەرانبەر شاشەی تلفزیۆنەكانەوە كۆببنەوە و بریار و پەیماننامەی برایەتی و كۆتایی هێنان بە خوێنرێژی ئیمزا بكەن. .
لەمانەش گرنگ تر ئەوەیەكە ئەم پەیماننامەیە وەسیقەیەكی مێژوویی و حوجەتێكی مولزیمە لەسەر هەموو ئەو كەسانەی كە بەناوی ئیسلام هەر كردارێكی تیرۆر و كوشتار و رەشە كوژی و فراندن و تەقاندنەوە ئەنجام ئەدەن كە بە داخەوە ئەمرۆ لە عێراقدا بە دەستی گروپی بەناو ئیسلامی هەموو ئەو شتانە ئەنجام ئەدرێ، بۆیە ئەم وەسیقەیە شەرعیەتی دینی لەو كردارانە دائەماڵێ و بەحەرام و قەدەغەی دینی ئەیناسێنێ لە ژێر هەر پاساوێكدا ئەنجام بدرێ.
* هەروەها لەوەڵامی پرسیارێكی تردا ئایا بەشداربوەكان چەند كەس بوون و كاریگەریان چەند دەبینن بۆ رەوتی روداوەكان، بەریز ئەمینداری گشتی لەوەڵامدا وتی:
هەندێك لە كەسایەتی كاریگەری عێراقی خۆیان ئامادە نەبوون بەڵام یا نامەی ناردبوو وەكو ئایەت اللە سیستانی و نجفی و فیاز و سعید الحیكم و دكتور عبدالكریم زیدان، یا نوێنەریان ناردبوو وەكو مقتدا ێدر و یەعقوبی و حارس الزاری. .
لەگەڵ ئەمانەشدا پەیامی چەند كەسایەتی دەرەوەی عێراق وەكو شێخی ئەزهەر و شێخ قەرزاوی سەرۆكی یەكێتی زانایانی جیهان و ئایەت اللە محمد فزڵ اللە ی لوبنانی. . هەروەها بەشداری ئایەت اللە تەسخیری بە نوێنەرایەتی سید علی خامەنەئی رابەری كۆماری ئیسلامی ئێران. .
جگە لەوەی هەموو ئەو 29 كەسەی بەشدار بون لە ئیمزا كردنەكەدا كەسایەتی ئیسلامی كاریگەرن و

خۆیان و لایەنەکەیان رۆڵی هەیە لە ساحەی سیاسی عێراقدا. .
* لەوەڵامی پرسیاری کۆتاییدا سەبارەت بە بانگێشتی بەشداربونی ئەم دووکەسایەتیە کوردستانیە (جەنابیان و مامۆستا علی باپیر) چۆن دەبینێ و سودی بۆ هەرێم و گەلی کوردستان لە چیدا دەبینێ، بەرێزیان لەوەڵامدا وتی:
ئێمە (من و مامۆستا علی باپیر و دکتور علی قرداغی) وەکو کەسایەتی ئیسلامی و وەکو لایەنی ئیسلامی کوردستانی عێراق جێگای خۆیەتی لەو جۆرە شوێن و بۆنانەدا ببین چ وەکو کەس و وەکو لایەنیش.
سەبارەت بە پەیوەندی بە کوردستانەوە بێ گومان کوردستان هەرێمێکی عێراقی فیدراڵیەو هەموو ئاڵۆزی و خوێنرێژی و برا کوژی و تیرۆرێک لە عێراقدا ئاگرەکەی بۆ هەموولایەکمانەو کەسی لێ پارێزراو نابێ، نەکورد و نە ئیسلامی، وە هەرگیز ئێمە وا بیر ناکەینەوە کە لە عێراقێکی نا ئارامدا دەتوانرێ هەرێمێکی ئارام و سەلامەت و بێ بەڵا پێک بهێنرێ، ئەگەر لە شتی ئەمنیدا حاڵمان باشترە بەڵام ئاسایشی ئابوری و دامەزراندنی کیانی سیاسیمان پابەندە بە حاڵی عێراقەوە، بۆیە بەشداریمان وەکو کورد لە ئاشتەوایی نیشتمانی عێراقیدا بە ئەرکێکی ئیسلامی و ئینسانی دەزانین، جگە لەزەرورەتی بەشداری لە پرۆسەی داماڵینی شەرعیەتی ئاینی لە هەموو کردارێکی تیرۆر و رەشە کوژی و تەقاندنەوە و خراپەکاری دا. .